وەزارەتی ناوخۆی ئێران: تەقینەوەکەی بەندەر عەباس بەهۆی کەمتەرخەمی روویدا



وەزارەتی ناوخۆی ئێران رایگەیاند، تەقینەوەکەی بەندەری بازرگانی وا تێکەیان روویدا، بەهۆی کەمتەرخەمی و رزنەگرتن لە ڕووشوێنە ئەمنییەکان بووە.

ئەمە دووشەممە ٢٨ـی نیسانی ٢٠٢٥، ئیسکەندەر موئمنی، وەزیری ناوخۆی ئێران لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەفزیۆنی فەرمی ئێران وتی، ناسنامۆی بەشێک لە بەرپرسیاران دیاریکراون و دەستگیرکراون، کەمتەرخەمی هەبووە، بەتایبەتی پابەندنەبوون بە ڕکارە ئەمنییەکان و کەمتەرخەمی لەلایەن بەرگری شارستانییەوە.

هاوکات، ئەمە دووشەممە تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە بەردەوام بوون لە کارکانیان بۆ کوژاندنەوەی ئاگرێکە لە بەندەری ڕەجایی، کە گەورەترین بەندەری بازرگانی ئێرانە، دوای دوو ڕۆژ لە تەقینەوەیەکی گەورە، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی ٦٥ کەس، بەپێی دواین ئاماری ژمارەی کوژراوان کە ئەمە ڕاگەیەندرا.

هاوکات ئاژانسی هەواڵی تەسنیمی ئێران رایگەیاند، بەرپرسی ئیدارەی ئاگرکوژێنەوەی بەندەرعەباس ئاماژەی بۆکردووە، لە سەدا ٩٠ی ئاگرەکە کوژێنراوەتەوە، تەنیا لە سەدا ١٠ی ماوە، تیمەکەی

سەرقاڵی کوژاندنەوە فەدانی پاشماوەکانن.